www.kurdistannet.org
19-2-2007 15:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بۆ بەڕێز / هەڤاڵ (مام جەلال) سکرتێری گشتی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
بۆ بەڕێز / مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی ی کوردستان
بۆ بەڕێز / فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

## بروسکەیەکی بە پەلە!! ... کۆمەڵێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی (ی. ن. ک) دانیشتووی قەزای کۆیەو دەوروبەری

ب / گەندەڵی و مشەخۆری

بەبەڕێزتان ڕادەگەیەنین کە نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر فەرماندەی لیوا (مام سیامەند تیمارۆکی) ناسراو بە (سیامەندە سور)، جانتایەکی دبلۆماسی دۆلاری وەرگرتووە لە سەرکردایەتی یا لە (فەرماندەیی گشتی) بەمەبەستی هاوکاریکردن و دابەشکردنی بەسەر (پێشمەرگە دێرینەکان) لەشاری کۆیە، بەڵام ئەوەی لە خۆی نزیکبوو هاوکاری کردبوو، هەندێك (10) وەرەقەو هەندێك کەمتر، دەلیلمان پێیە کە زۆربەی (پ. م) ە دێرینەکان بەم یارمەتیەیان نەش زانیبوو!!!!!!

تا لە بەرواری 15 / 2 / 2007 کاتژمێر (10) ی بەیانی لە هۆڵی مەڵبەندی ڕێکخستنی کۆیە لە کاتی هەڵبژاردنی پێشمەرگە دێرینەکانی (ی. ن. ك) ی (پ. م) دانەبڕاوەکان نهێنیەکە ئاشکرابوو، بووە هۆی نیگەرانی و نارەزایی پێشمەرگەیەکی زۆر لە کۆیە. .

ئێوەی بەڕێزیش دەزانن کە پێشمەرگەی دێرین لە سنووری قەزای کۆیە و دەوروبەری زۆرن کە خۆیان لە تیپەکانی (ت93 ی کۆیەو – ت99 ی بێتوین – ت90 ی باواجی – ت25 خالْخالان – سەرکردایەتی و هەندێکی بلاوە لە تیپەکانی تر و لە مەڵبەندی سی) دەبینێتەوە. .

داواکارین لە بەڕێزتان بۆ ڕاستی و دروستی ئەم زانیاریە بە دواداچون و ئیجرائات بکرێت. .

هەروەها بەڕێزتان ئاگادار دەکەینەوە تاکو ئێستا سەرەڕای هەبوونی ئەم هەموو پێشمەرگە دێرینە لەسنووری قەزای کۆیەو دەوروبەری (کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان) لە کۆیە نەکراوەتەوە، کە پێشمەرگەی زۆری دابڕاوی مزەحی تێدایەو خیانەتیان نەکردووە لە هەموو کاتە ناخۆشەکاندا هەڵوێستی بەرچاویان هەبووە!!!!!!!!!!!!!!!

بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزمان. . . . . . . . . . .

کۆمەڵێك لە پێشمەرگە دێرینەکانی (ی. ن. ك)
دانیشتووی قەزای کۆیەو دەوروبەری
2007 / 2 / 19

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.